بافڵ تاڵەبانی: پشتیوانی لەهەر دەستپێشخەرییەک دەکەین کە مافی گەلەکەمان لە تورکیا دەپارێزێت



بافڵ تاڵەبانی، سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەباشان پێشوازی لە وەفدی ئیمرالی بە سەرکایەتیی پێروین بوەدان و سری سوریا کرد.

لە هاگیەندراوکی نوسینگەی سەرکی یەکێتیی، دوا ینیوەڕۆی ئەمڕۆ سێشەمە هاتووە، لە دیدارەکەدا کە قوباد تاڵەبانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئامادەبوو، وەفدی ئیمرالی سەاو و ڕێز و پێیامی بەڕێز (عەبدوڵا ئۆجەلان)یان گەیاند بافڵ تاڵەبانی و بەیار و سیاسەت و بژاردەکانی خەشیان لەسەر ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچەکە، پرسی ئاشتی لە تورکیا و گفتوگۆکانیان لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان ڕوونکردەوە.

لەبەرامبەردا بافڵ تاڵەبانی بیروبۆچوونی خۆی و ستراتیژیی یەکێتی لەبارەی قۆناغی نوێی ئاشتی لە تورکیا بە ڕاشکاوانە خستەڕوو و ڕایگەیاند، "پشتگیری و پشتیوانی لەهەر دەستپێشخەرییەک دەکەین کە مافی گەلەکەمان لە تورکیا دەپارێزێت و وەک یەکێتیش هاریکاریی سەرخستنی ئەم هەوڵە مێژووییە دەبین کە بەردی بناغەکەی لە ساڵی (1993) مام جەلال داینا".

هەر لە دیدارەکەدا سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕوونیکردەوە، تاوەکو پرسی کورد چارەسەر نەکرێت ناوچەکە ئاشتی و ئارامی سەرتاسەری بەخۆیەوە نابینێت، بافڵ تاڵەبانی دەڵێت: وەک وتوشمانە پرسی کورد بە چەک و شەڕ نە چارەسەر دەبێت، نە ئەنجامی دەبێت، چونکە تاکە بژاردە گەلانمانە بە

گفتوگۆ و دیالۆگی جدی و هیوادارین هەموومان دەربەست و پەرەشانە کار بۆ سەرخستنی ئەم دەرفەتە مێژوویییە بکەین لەسەر بنەمای هاوبەشی و برایەتی و پەرەشی بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و ئارامی.

بافۆ تاڤبانی لە بۆشکی تری وتکانیدا ئاماژەی بۆ ئۆوشکرد، باوەڕمان بە برایەتی و پکۆوژیانی ئاشتییانە هەیە، هەرگیزیش نابینە هەڕەشە بۆ هیچ وڵاتکی دراوسێمان و پەرەشی ئۆوین هەموومان بۆ برایەتی و ئاشتی بژین، ئەمەش دەستپێشخەر دەبین تاوکو لەبری هەڕەشە زمانی دیالۆگ زاڵبکەین، دەستی برایەتی بۆ هەموولایک درێژدکەین، هیوادارین نیەتکی جدی هەبێت بۆ پتۆوکردنی برایەتی کورد و تورک و سەرخستنی ئەم هەوڵە نیشتمانییە.